## ئەمریکای دۆست و هاوپەیمان، شایەتی لەسەرپێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەکۆردستان دەدات!

**لەسایتی ئاوێنەوە: وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەراپۆرتی سالانەی تایبەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەجیهاندا، حکومەتی عێراق و هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێشێلکاری مافی مرۆڤ لەساڵی 2006دا تۆمەتباردەکات. لەمبارەوە سایتی ئاوێنە ئەوبەشەی ڕاپۆرتەکەی بەزمانی کوردی بلاوکردۆتەوە کەئاماژەیە بۆ بارووۆدخی مافی مرۆڤ لەژێر سایەی دەسەلاتەکانی یەکیتی نیشتمانی وپارتی دیموکراتی کوردستان وکۆمەلەی ئەو پیشێلکاریانەی کەلەساڵی رابردوودا روویانداوە خستۆتە روو.. ئەم راپۆرتە شایەتی دانێکە کەلە زمانی دوست و هاوپەیمانی هەر ئەم حیزبانەوە هاتۆتەدەرێ و ئەمەش باشترین بەڵگەیە بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستی ئەم حیزبانەو کارنامەی دەسەلاتەکەیان.. ئێمە لیرەدا بەمەبەستی ڕای گشتی خەلکی کوردستان بەپویستمان زانی جاریکیتر ئەوبەشانەی ڕاپۆتەکە کەلەسایتی ئاوێدا بلاوکراوەتەوە لەچاپ بدەینەوە. خوینەران دەتوانن بەگەڕانەوە بۆ ئەم لینکە دەقی راپۆرتەکە بخوێننەوە: http://www.awene.com/new**

راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە لەهەرێمی کوردستاندا بەردەوام مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێتو باس لەبوونی چەندین زیندانی نایاسایی‌و نهێنی دەکات کە کەسانێکی زۆریان تیا زیندانییە بەبێ ئەوەی دادگایی کرابن‌و نەک هەر رێگە بەکەسوکاریشیان نادرێت کە سەردانیان بکەن، بەڵکو هەر شوێنیشیان نازانن، هەروەها ئاماژە بەئەشکەنجەدانی زیندانیکراوەکانی ئەو گرتووخانانە دەکات، ئەویش لەشێوەی لێدانی شۆکی کارەبایی‌و دەرهێنانی نینۆکو لێدان‌و دەسدرێژی سێکسی‌و هەڕەشەکردن لە خزم‌و کەسوکاریان. هەروەها راپۆرتەکە دەڵێت جگە لە هێزەکانی ئاسایش، دەزگاکانی (زانیاریی)ی یەکیتی‌و (پاراستن)ی پارتی دەستیان هەیە لەم کارانەدا. هەرچەندە چەند جارێک ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ هەوڵیان داوە سەردانی زیندانەکانی هەردوو دەزگای زانیاریی‌و پاراستن بکەن، بەڵام رێگەیان پێ نەدراوەو تەنیا سەردانی زیندانەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆیان کردوەو، تەنانەت ریگەش نادرێ بە وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێم سەردانی ئەو زیندانە نهێنیانە بکات.

لەسەر ئازادی گوتارو رۆژنامەوانی ئەم راپۆرتە دەڵێت: "زۆربەی هەرە زۆری میدیاکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن پارتی‌و یەکێتیەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، کە نموونەی ئەمانەش کوردستان تیڤی‌و کوردساتو کەناڵی زاگرۆس‌و رۆژنامەکانی هەردوو حیزبەکەن". ئەم راپۆرتە رۆژنامەی هاوڵاتی‌و ئاوێنەو رادیۆی نەوا بە تاکە سەرچاوەیەکی میدیای سەربەخۆ دەداتە قەڵەم .

ئەم راپۆرتە هەروەها ئاماژە بۆ سەرکوتکردنی توندوتیژانەی خۆپیشاندانەکانی کەلارو دەربەندیخان‌و سلێمانی‌و چەمچەماڵ‌و 3/16ی هەڵەبجە دەکات لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە، کە تێیدا بریندارو کوژراوی لێکەوتەوە، کە ئەمەش بە رێزنەگرتن لە مافی خۆپیشاندان دەداتە قەڵەم.. بە پێی ئەو راپورتە تەنانەت خۆپیشاندانەکان لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە بە ڤیدیۆ دەگیرێ بە مەبەستی شوناسایی کردنی خۆپیشاندەرەکان‌و پاشان گرتنیان .

مەسەلەی واستەکاری‌و گەندەڵی ناو حکومەتی هەرێم‌و هەردوو حیزبی یەکێتی‌و پارتی خاڵێکی ترە کە ئەم راپۆرتە پەنجەی بۆ رادەکێشێ‌و، بە راشکاوی باس لەوە دەکات کە یەکێتی لە ناوچەی سلێمانی‌و پارتیش لەهەولێرو دهۆک بۆ پۆستی فەرمانبەری‌و بەگشتی دامەزراندن، ئەندامانی خۆیان پێش دەخەن. لە هەمان راپۆرتدا هاتووە کەNGO کان لە هەرێمی کوردستاندا زۆربەیان سەر بەو دوو حیزبەن. پێشێلکردنی مافی کەمەئاینییەکان لە هەرێمی کوردستاندا یەکێکی ترە لەو پێشێلکارییانەی کە راپۆرتەکە باسی لێدەکا، کە ئەمەش لەدەمی ئەو یەزیدی‌و مەسیحییانەوە دەگێڕێتەوە کە لەباشوری موسڵ نیشتەجین‌و، دەڵێن حکومەتی هەرێم کوردەکان دێنێتە شوێنیان‌و موڵکو ماڵیان اگیردەکات.

راپۆرتەکە هەروەها دەڵێت دەزگای زانیاریی‌و پاراستن ئۆپەراسیۆنی نهێنی دەکەن لە کەرکوکو موسڵ‌و، خەڵک دەفڕێنن‌و بێ سەروشوێنی دەکەن .لەسەر سەرجەمی عێراقیش راپۆرتەکە باس لە پێشیلکردنی مافی مرۆڤ دەکات لەشێوەی جەنگی تایەفەگەری‌و ئەشکەنجەو تیرۆردا، کە زۆربەی لە نێوان عەرەبی سوننەو شیعە دایەو، بەتایبەتی ئاماژە بۆ ئەو رەوەیە دەکات .

ئەوەی شایانی باسە راپۆرتەکە دەڵێ عێراق بووەتە راڕەوێکی گواستنەوەی کرێکار بۆ وڵاتانی دیکە، کە زۆربەی ئەم کرێکارانە لەهەلومەرجێکی دژواردا کاردەکەن‌و مووچەکانیشیان کەمە .هەندێکی تریان کورو مێینەن کە بۆ مەبەستی بازرگانی لەشفرۆشتن معامەلەیان لەسەر دەکرێت. شایانی باسە راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدواداچوونی کردووە لەسەر ئەو کرێکارانەی کە بەشێوەیەکی نایاسایی مامەڵەیان لەگەڵداکراوە. لەئەنجامی ئەو بەدواداچوونەدا دەرکەوتووە کە کۆمپانیایەکی بیناسازی دوبەی، 500 کرێکاری هیندی‌و سێریلانکایی هێناوەتە پارێزگای هەولێرو بەپێی گرێبەستەکەیان موچەیان نەدراوەتێ‌و لە هەلومەرجێکی گەلێ نالەباری ژیاندا بوون. حکومەتی هەرێمیش ئاسانکاریی بۆ ئەو کرێکارانە کردووە بگـــەڕێنەوە وڵاتی خۆیان سزای ئەو کۆمپانیایەشی داوە

ئا. بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر